# پۆستی سەرۆکایەتی ئێران لەنێوان دیموکراسیی ڕاسپاردەیی و ڕووخساری دووبارەدا

ئێران خاوەنی سیستمێکی ئیسلامییە و هەریەکە لە ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی و سەرۆکی وڵات و ئەنجومەنی شارەزایان و پەرلەمانی وڵات بە شێوازی جیاواز لەناو سیستمی سیاسی و جێبەجێکردندا دەسەڵاتیان هەیە، بەڵام دواجار زۆرینەی بڕیارە گرنگ و چارەنوسسازەکان دەبێت بەناو فلتەری «ڕابەری گشتی»دا تێبپەڕن، کە ئێستا ئایەتوڵلا (عەلی خامنەیی)یە. کۆماری ئیسیلامیی ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی 1979وە، لە دوای سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، لە ریفراندۆمێکدا زیاتر 98%ی هاوڵاتیانی ئێران ئەم ناوەیان بۆ وڵاتەکەیان پەسەند کردووە.

ALJAZEERA

Orient NEWS

المجلة
مجلة العرب الدولية

ئاژانسەکان

FOCUS

## ڕابەری باڵای ئێران

لە ڕاستیدا پۆستی ڕابەری گشتی، باڵاترین پۆستی سیاسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و خاوەنی کۆتا قسەیە لە هەموو بڕیار و بابەتە چارەنوسسازەکاندا، ئەو سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وڵات دادەڕێژێت لە ئێونیاندا ئەوەی پەیوەستە بە بەرنامەی ناوەکی (ئەتۆمی)وە. ڕابەری گشتی لەلایەن ئەنجومەنی شارەزایانەوە هەڵدەبژێردرێت و ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێردرێت تا لە ژیاندا مابێت لەو پۆستەدا دەبێت و بە گیانلەدەستدانی کەسێکی دیکە دەخرێتە شوێنەکەی.

پۆستی «ڕابەری گشتی» دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 1979 دروستکراوەو ئیمام خومەینی یەکەمین کەس بوو ئەو پۆستەی وەرگرت و تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد لە ساڵی 1989 لە پۆستەکەدا مایەوە، لەو کاتەشەوە تا ئێستا عەلی خامنەیی ڕابەری گشتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. لە هەمان کاتدا رابەری گشتی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانە و فەرماندە باڵاکانی سوپای ئێران لەلایەن خۆیەوە دیاری دەکرێن، هەر ئەویش بڕیاری جەنگ و ئاشتی لەو وڵاتدا ڕادەگەیەنێت، جگە لەوەش دوایین بڕیار دەدات لە بارەی شیاوی کاندیدەکان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و پۆستەکانی وەزارەتی بەرگری، دەرەوە، هەواڵگری و پابەندێتی بە کەلتور و ئاراستەی ئیسلامی. بە هەمان شێوە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەرپرسانی باڵا و بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی دادوەری و کەناڵە فەرمییەکانی حکومەت دیاری بکات یاخود بڕیارییان بۆ دەربکات.

## ئەنجومەنی چاودێری دەستور

ئەم ئەنجومەنە یەکێکە لە دەزگا باڵادەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەرکەکەی سەرپەرشتی کردنی کارەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامیە، واتە (پەرلەمانی ئێران). هەر یاسایەک، کە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەوە دەربچێت دەبێت ڕەزامەندی ئەنجومەنی چاودێری دەستور وەربگرێت لە پێش پەسەندکردنی وەک یاسایەکی فەرمی.

هەروەها دەسەڵاتی پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمان و هەڵبژاردنەکانی دیکەشی هەیە. ئەنجومەنی چاودێری دەستور لە (12) ئەندام پێکهاتووە، کە هەر یەکێکیان بۆ ماوەی خولێکی (6) ساڵی دەمێننەوە. ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە شەشیان لەلایەن ڕابەری گشتیەوە دیاری دەکرێن، کە ئەمانە لە بواری یاسای ئیسلامیدا شارەزان، هەروەها (6) ئەندامەکەی دیکەش کەسانی خاوەن شارەزایی و ئەزموونی یاسایین، لەلایەن ئەنجومەنی شورای ئیسلامیەوە دیاری دەکرێن.

## ئەنجومەنی شورای ئیسلامی

ئەنجومەنی شورای ئیسلامی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەو ئەرکی سەرەکی بریتییە لە ئامادەکردن و تێپەڕاندنی یاساکان بۆ پەسەندکردن لەلایەن ئەنجومەنی چاودێری دەستورەوە. پەرلەمانی ئێران لە (290) ئەندام پێکدێت و زۆرینەی ئەندامەکانی لە بەرەی موحافیزکارەکان و ڕیفۆرمخوازەکانن. پەرلەمان دەسەڵاتی لەسەر کارلادانی سەرۆکی وڵاتی هەیە، دەشتوانێت متمانە بسەنێتەوە یاخود متمانە ببەخشێتەوە بە وەزیرەکانی کابینەی حکومەت. لە (12) ئەندامەکەی ئەنجومەنی چاودێری دەستور (6)یان پەسەند دەکات، کە لەلایەن ڕابەری گشتیەوە پێشنیار دەکرێن. پەسەندکردنی بودجەی پێشنیارکراو لەلایەن سەرۆکی ئێرانەوە یەکێکی ترە لە کارەکانی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێران.

## ئەنجومەنی شارەزایان

ئەم ئەنجومەنە لەلایەن (68) توێژەرو شارەزا لە ئاینی ئیسلام بەڕێوە دەبرێت، کە بە دەنگدانی هاوڵاتیان هەڵدەبژێردرێن و ئەنجومەنی چاودێری دەستور پشکنینی وردییان بۆ دەکات. گرنگترین کاری ئەنجومەنی شارەزایان بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕابەری گشتی ئێران لە دوای گیانلەدەستدانی ڕابەری گشتی پێشخۆی. ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان ماوەی خولێکی (8) ساڵی خزمەت دەکەن و هەر (6) مانگیش جارێک کۆدەبنەوە بۆ پێداچوونەوە بە چالاکییەکانی ڕابەری گشتی. بەپێی دەقە یاساییە نوسراوەکان، ئەم ئەنجومەنە دەتوانێت ڕابەری گشتی لەسەر کار لابدات لە کاتی دەرکەوتنی «نەشیاوی یان گەندەڵی»دا، بەڵام بە بڕوای چاودێران ئەم حاڵەتە لە ئێران ئەگەری ڕوودانی زۆر کەمە.

## ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم

ئەنجومەنێکی راوێژکاریی باڵایە لە کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەرکە سەرەکییەکەی گەڕانە بەدوای چارەسەری ئەو کێشانەی لە نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی چاودێریی دەستوور دروست دەبن و دەتوانێت کێشەکان بەلای یەکێکیاندا یەکلا بکاتەوە دوای رەزامەندی رابەری گشتیی. ئەنجومەنەکە لە 35 ئەندام پێکدێت؛ 9 ئەندامی هەمیشەیی و ئەوانی دیکە کاتیین و لەلایەن رابەری گشتییەوە دیاریی دەکرێن. ئەندامە هەمیشەییەکان بریتین لە؛ سەرۆک کۆمار، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکی پەرلەمان هەروەها شەش ئەندامی ئاییینی ئەنجومەنی چاودێریی دەستور.

## سەرۆك کۆمار

سەرۆک کۆمار لە کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر رۆڵێکی ئیداری هەیە، ئەمەش جیاوازە لە زۆرینەی وڵاتەکانی دیکەی جیهان، کە سەرۆکی وڵات دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە. سەرۆک کۆمار لە هەمانکاتدا سەرۆکی حکومەتەو ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی دیاری دەکات، هەروەها ئەو سیاسەتانە جێبەجێ دەکات، کە لەلایەن رابەری گشتیەوە دارێژراون لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراون. خولی سەرۆکایەتی ئێران بۆ ماوەی (4) ساڵەو دەرفەتی خۆکاندیدکردنەوەی بۆ خولی دووەمیش هەیە. سەرۆك لە دوای دانیشتنی بۆ ماوەی خولێک، دەتوانێت بۆ خولی سێهەم خۆی کاندید بکاتەوە. یەکێک لە کارە گرنگەکانی سەرۆك کۆماری ئێران بریتییە لە پێشکەشکردنی پرۆژەی بودجە بۆ ئەنجومەنی شورای ئیسلامی.

## کابینەی حکومەتی ئێران

کابینەی وەزاری حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە سەرپەرشتی دەکرێت. ئەرکی سەرەکی کابینەی حکومی بریتییە لە هاوکارییکردنی سەرۆک بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلان و سیاسەتانەی، کە لەلایەن رابەری گشتیەوە دادەنرێن، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەکرێن. وەزیرەکانی کابینەی حکومەتی ئێران لە دوای وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمان دەستبەکار دەبن. سەرۆک کۆماری ئێران نزیکەی (12) یاریدەدەری بۆ کاروبارە جیاوازەکان هەیە.

## ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی

ئەرکی ئەم ئەم ئەنجومەنە پاراستن و پاڵپشتی کردنە لە بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی وڵات و شۆڕشی ئیسلامی و سەروەری خاکی ئێران و پێداچوونەوەی دەستوری وڵات و لە ساڵی 1989 دامەزراوە. ئەنجومەنەکە لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بریارەکانی لەلایەن رابەری گشتیەوە پەسەند دەکرێن.

## ئەنجومەنی کولتوریی شۆڕش

ئەنجومەنێکە بنکەی سەرەکی لە شاری (قوم)ە، لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لەلایەن خودی ئیمام خومەینیەوە دامەزرێنراوە، لە ئێستاشدا زۆرینەی ئەندامەکانی رابەری گشتی ئێران دیاری دەکەن. بریارەکانی ئەنجومەنی کولتوریی شۆڕش تەنها لەلایەن رابەری گشتییەوە رەت دەکرێتەوە. ئەرکی سەرەکی ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە دانان و دارشتنی بەها ئیسلامییەکان بۆ سەرجەم دامەزراوە پەروەردەییەکانی ئێران، هەروەها بە گوێرەی یاسا ئیسلامییەکان دیارییان دەکات.

## سەرۆکێك بە دڵی کێ، گەلی ئێران یان رابەری گشتی؟

لە راستیدا سەرەرای زۆری ژمارەی ئەو پاڵێوراوانەی ناوییان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران کرد، کە گەیشتە (1636) کەس و لە نێوانیشیاندا (137) ژن ناوییان تۆمار کرد، بەڵام هەموو ئەو کاندیدانە خرانە ژێر پشکنینی دەزگای پشکنین و هەڵسەنگاندنی تواناو لێهاتوویی لە ئەنجومەنی چاودێری دەستور، کە موحافیزکارەکانی سەر بە رابەری باڵای ئێران تیایدا باڵادەستن، ئەمەش مانای وایە کە لە فیلتەردانی ئەو کاندیدانە لەسەر بنەمایەکی دیارینەکراوو ناروونە، چونکە هیچ پێوەرێکی پیشەیی یان بابەتی بوونی نییە بۆ قبوڵکردن یان دوورخستنەوەی یەکێك لەو پاڵێوراوانە لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، ئەمەش یەکێکە لە دیوە شاراوەکانی دیموکراتی ساختە، لە کاتێکدا بابەتەکە پابەندکراوە بە ویست و خواستی رابەری گشتی لە رێگەی دوورخستنەوەی زیاتر لە رێژەی 99% لە پێشکەشکاران بۆ ئەوەی کێبڕکێکە لە نێوان ژمارەیەکی کەم لە کاندیدەکاندا قەتیس ببێت بەپێی شارەزایی لێهاتوویی،

دواجار (6) پاڵێوراو مانەوە بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی ئێرانی یەکێکیان هەڵبژێرن بۆ بوون بە سەرۆك کۆماری ئێران.

ئەمە وادەکات بچینە ئەو باوەڕەی، کە سیستمی هەڵبژاردن لە ئێران سیستمێکی (ڕاسپاردەیی)یە، واتا پرۆتیستۆی دەسەڵات دەکات بەسەر هاوڵاتیاندا بەبێ ئەوەی بتوانن بەپێی بۆچوونی ئەوانەی سیستەمەکە بەڕێوە دەبەن هیچکام لەو کاندیدانە بە گوێرەی شیاوی و توانای خۆیان لێکتر جیابکاتەوە تاوەکو بە دیدی خۆی چاکترینیان هەڵبژێرێت. لە ڕاستیدا بیرۆکەی ڕاسپاردەیی کردن بەسەر هاوڵاتیانی ئێرانەوە بە تەنها لە پرۆسەی هەڵبژاردندا قەتیس نەبوو، بەڵکو جەوهەری دامەزراندنی دەوڵەتی دینییە لە تاران، چونکە پیاوانی دیین خواستی ڕاسپاردەیی خۆیان بەسەر گەلی ئێراندا پراکتیزە دەکەن لە هەموو کاروبارەکانی ژیانیان، وەکئەوەی هێشتا گەل پێنەگەیشتوو ناکامڵ بێت بۆ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ خواستێکی ئازادانە.

## ڕەهەندەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران

### 1.ڕەهەندی سیاسی

ئەم ڕەهەندە لە خراپی بارودۆخی سیاسی ناوخۆو سەرهەڵدانی کێشەکان و ململانێکانی نێوان کەسانی ناو بـڕاردەی دیینی دەسەڵاتدار خۆی بەرجەستە دەکات. ڕابەری باڵای ئێران (عەلی خامنەئی) لە بەرواری 16ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2016 لەپێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کۆمەڵێك فەرمانی دەرکرد، کە خۆی لە (18) ماددە دەبینێتەوە لەژێر ناونیشانی «سیاسەتە گشتییەکانی هەڵبژاردنەکان لە ئێران». ئەمە یەکەم جارە ڕابەری باڵای ئێران لە دوای بەدەستهێنانی پۆستی ویلایەتی فەقیە و بوونی بە ڕابـەری باڵا لە ساڵی 1988دا ئەمجۆرە فەرمانانە تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەربکات. دیارترینی ئەو فەرمانانە ئەوەیە کە لە ماددەی (16)دا هاتووە دەڵێت: «ڕێگە بە هێزە چەکدارەکان و سێ دەسەڵاتەکە (پەرلەمان، دادوەری، حکومەت) و وەزارەتەکان و دامـودەزگا ئەمنییەکان و دەزگـای هەواڵگری و ڕێکخراوە حکومییەکان و دامودەزگا گشتییەکان نادرێت بچنە ناو فراکسیۆن و ڕەوت و باڵبالێنی هەڵبژاردن و پشتگیری کردنی پاڵێوراوەکان».

هەروەها لە لیستی فەرمانەکانی ڕابەری باڵادا هاتووە، کە پێویستە وردبینی لە پارەو دارایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بکرێت و تەئکید لە سەرچاوە داراییە ڕێگە پێدراوو ڕێگە ئێنەدراوەکانی بکرێت و شەفافییەتی دارایی هەبێت، هەروەها ڕێگە نادرێت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا باسی ئەو بابەتانە بکرێت، کە گیانی دوورکەوتنەوە و دابەشبوونی نەتەوەیی و تائیفی دەوروژێنن، ئەمە جگە لە ڕێگرتن لە پێدانی بەرتیل و بەکارهێنانی شێوازەکانی هەڕەشەلێکردن یان بەڵێن پێدان لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی گشتی.

لە لایەکیترەوە جیاوازی لە ئاراستە وەرگرتن لە هەمبەر هەندێك پرسی چارەنوسساز لە شێوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و دەوڵەتە زلهێزەکان، کە دابەشبوونێکی ناوخۆیی لە ئێران دروستکردووە و تاکو ئێستاش بەردەوامە، بەڵکو بووە خاڵێکی نەرێنی بۆ سەرۆك حەسەن ڕوحانی، کە لەلای خۆیەوە سەرکەوتوو نەبوو لە بەدیهێنانی هیچکام لە بەڵێنەکانی لەسەر ئاستی سیاسی و مافەکانی

> سەرۆک کۆمار لە کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر ڕۆڵێکی ئیداری هەیە، ئەمەش جیاوازە لە زۆرینەی وڵاتەکانی دیکەی جیهان، کە سەرۆکی وڵات دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە. سەرۆک کۆمار لە هەمانکاتدا سەرۆکی حکومەتەو ئەندامانی کابینەی حکومەتەکەی دیاری دەکات، هەروەها ئەو سیاسەتانە جێبەجێ دەکات، کە لەلایەن ڕابەری گشتیەوە داڕێژراون

خەڵك، کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بە گەلی ئێرانی دابوو. هەروەها دەستێوەردانەکانی سوپای پاسداران و دەسەڵاتی دادوەری لە کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیادی کردووەو کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەمدا دروست دەکرێت، ئەمە جگە لە درێژەکێشانی سزای لەسێدارەدان تا ئاستێکی بەرچاو.

ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی پۆستەکان، بە تایبەتی پۆستی رابەری باڵای ئێران، یەکێکی ترە لەو شەڕەی، کە لە نێوان هەردوو ڕەوتی موحافیزکارو میانڕەو (ریفۆرمخواز) لە ئێران بەردەوامی هەیەو کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا دروستکردووە. ڕەوتی موحافیزکاران لە 6ی نیسانی 2017 لیستێکی ڕاگەیاند، کە (5) پاڵێوراوی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران گرتەخۆ، بەوەش هاوپەیمانێتیەکی نوێ دروستبوو بە ناوی (بەرەی میللی هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامی)یەوە، کە ناوی هەردوو پاڵێوراوی سەرۆکایەتی (ئیبراهیم ڕەئیسی) و (محەمەد باقر قالیباف) لەناو لیستەکەدا بوو، جگە لە (پەرویز فەتاح) و هەردوو ئەندام پەرلەمانی پێشوو (عەلیڕەزا زاکانی) و (میهرداد بزرباش).

## 2. ڕەهەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی

ئەم ڕەهەندە لە ئەنجامی خراپبوونی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێران بەرجەستە دەبێت، کە گەلی ئێران بەدەستیەوە گیرۆدە بووە. ئەگەر ڕاست بێت کە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی واژۆکراو لە نیسانی ساڵی 2015 کێرڤی کۆت و بەندەکانی خۆرئاوای لەسەر تاران سوك کردووەو بووەتە هۆی بوژانەوەی کەرت و سێکتەرە ئابورییەکان لەوانەش کەرتی نەوت، بەڵام دەبینین ئەم بوژانەوەو گەشەسەندنە سنوردارە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، سەرەڕای ئەوەی کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە دوای ساڵی 1980وە بەرزترین ئاستی خۆی تۆمار کردو گەیشتە (4) ملیۆن و (150) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام بەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەو گرفتە ئابورییەکان و ئەو قەرزە زۆرەی کەوتۆتە سەر تاران بەهۆی سەرکێشیە دەرەکییەکان لە عێراق و سوریاو یەمەن، وایکردووە بارودۆخی ئابوری ئێران زیاتر بەرەو خراپی بڕوات. بەپێی ڕاگەیەنراوی نوسینگەی وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابوری تایبەت بە ئاستی بەرهەمهێنانی ئێران، قەبارەی قەرزەکانی دامودەزگا ئابورییەکان لەلای حکومەتی تاران دەگاتە نزیکەی (100) ملیار دۆلار، هەروەها قەبارەی قەرزەکانی بانکی ناوەندی ئێران لەسەر حکومەت و دامودەزگا حکومەییەکان دەگاتە نزیکەی (62) تریلیۆن تمەن و بەپێی بانکی ناوەندی ئێران قەبارەی قەرزەکانی دەستەی گشتی دڵنیایی کۆمەڵایەتی لەسەر حکومەت گەیشتۆتە (110) تریلیۆن تمەن.

ئێستا ژمارەی بێکاران لە ئێران لە نێوان (5-7) ملیۆن کەسدایە. هەروەها بەپێی ڕاگەیەنراوی سەنتەری توێژینەوەکانی سەر بە پەرلەمانی ئێران، ڕێژەی دەرچووانی زانکۆ کە بێکارن دەگاتە 50%، جگە لەمەش ڕێژەی بێکاران لە توێژی ژنان و کچانی دەرچووی زانکۆ دەگاتە 40%. هەر بەپێی ئەوەی بانکی ناوەندیی ئێران ڕایگەیاندووە، دوو لەسەر سێی دانیشتوانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاری ڕێژەییدا دەژین و (15) ملیۆن ئێرانی لە باری هەژاری دەژین و بەدەست کەمی خۆراك و دابەزینی ئاستی بژێوییان دەناڵێنن.

**بەشداریکردنی پارێزگای کوردستان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە خولی یەکەم تا خولی هەشتەم**

| خولی سەرۆکایەتی | ڕێژەی بەشداریکردن% | ڕێژەی دەنگدان |
|---|---|---|
| خولی یەکەم | 12.82 | 67.42 |
| خولی دووەم | 42.72 | 64.24 |
| خولی سێیەم | 48.46 | 76.26 |
| خولی چوارەم | 51.57 | 54.78 |
| خولی پێنجەم | 58.68 | 54.59 |
| خولی شەشەم | 54.96 | 50.66 |
| خولی حەوتەم | 79.04 | 79.92 |
| خولی هەشتەم | 34.66 | 66.77 |

## 3. ڕەهەندی سیاسەتی دەرەوە لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2017

ئەوە ڕاست نییە، کە هەندێك دەڵێن سەرکەوتنی یەکێك لە پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێڕەوو ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەڵکو ئەوانەی ئاگایان لە سروشتی سیستمی سیاسی ئێران هەیە پێیانوایە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران

هەمیشە لەلایەن ئەو دەسەڵاتە دینییەوە دادەڕێژرێت و ئاراستە دەکرێت، کە ڕابەری باڵا (عەلی خامنەئی) و چەند دامودەزگایەکی سەر بەخۆی نوێنەرایەتی دەکەن. ئەوەی ئاماژە بێت بۆ ئەم بابەتە دوو مەسەلەیە:

یەکەم: لە سایەی بوونی سەرۆك (حەسەن روحانی)دا، سیاسەتی دەرەوەی ئێران زیاتر سیاسەتێکی دەستێوەردەر و دوژمنکارانە بووە لە زۆرێك دۆسیەو کێشەی ناوچەکە، هەروەك لە سوریاو یەمەن و پێشتریش لە عێراق ڕوویدا، جگە لە بەردەوامبوونی دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی کەنداو، بە دیاریکراویش لە وڵاتی بەحرێن.

دووەم: ئـەوەی چاودێری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران و ئەنجومەنی شارەزایانی کردووە، کە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازان تیایدا سەرکەوتنی بەسەر ڕەوتی موحافیزکاراندا بەدەستهێناو سەرۆك حەسەن روحانی سەر بەم ڕەوتەیە، لە کاتێکدا ڕەوتی موحافیزکاران بە درێژایی (3) خولی هەڵبژاردنی یەك لەدوایە یەك زۆرینە بووە، بەڵام ئەم ئەنجامە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەبووە. لەبەر ئەمە دەکرێت بڵێین سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەوەتای (40) ساڵە دامـەزراوەی دینیی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست و فەرمانداری هەموو بڕیارە سەرەکییەکانی سیستمی سیاسی ئێران دەکات لە ڕێگەی ڕابەری باڵا و هەندێك لە دامودەزگا دەسەڵاتدارەکان، کە پێوەی پەیوەستن و لەلایەن توندڕەوەکانەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەوەی جێی سەرنجە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتەکان لەلایەن دەزگا دەسترۆیشتوەکانی نزیك لە ڕابەری باڵا بەپێی دەقەکانی دەستوری ئێران جێبەجێ دەکرێت. بۆ نموونە لە بەشی پێنجەمی دەستوردا هاتووە: ئەو دەسەڵاتانەی حوکمی ئێران دەکەن بریتین لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری، کە دەسەڵاتەکانیان بە سەرپەرشتی و چاودێری ڕابەری ڕەهاو پێشەوای ئوممەت، واتا هەموو دەسەڵاتەکان بە گوێرەی دەقی ماددەکانی دەستور خراونەتە ژێر فەرمانی وەلی ئەمرەوە، ئەمەش لە ماددەی دووەمی بەشی یەکەمی دەستوری ئێران ئاماژەی پێکراوە، کە بڕوابوون بە ئیمامەت و سەرکردایەتی بەردەوامی بەستۆتەوە بە بڕوابوون بە خوداو سروش و ڕۆژی زیندوبوونەوە، وەك کۆڵەکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەگەر پۆستی سەرۆکایەتی بەرزترین پۆستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە ئێران، کە دەکرێت کێبڕکێکاری لەسەر بکرێت لە نێوان هێزو ڕەوتە سیاسییەکاندا، بەڵام دەبینین بە گوێرەی دەستور دەسەڵاتی تەواوی پێنەدراوە، چونکە سەرۆك ناتوانێت لە دەرەوەی خولگەی ڕابەری باڵا کاربکات، بەڵکو دەبێت ئەو سیاسەتانە جێبەجێ بکات کە ئەو پێی ڕادەگەیەنێت، ئەمەش مانای وایە هیچ بوارێك نەماوە بۆ قسەکردن لە بارەی گۆڕانکاری لە ئاراستەکانی دەوڵەتی ئێران لە دۆسییەکانی دەرەوە، ئیتر ئەگەر ئەو کاندیدەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت (ڕیفۆرمخواز بێت یان موحافیزکار)، کەواتە ڕووبەری جیاوازی لە نێوانیاندا پەیوەستە بە هەندێك سیاسەتی ناوخۆوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕانکارییەش هەندێك باسی لێوە دەکەن، کە لە سیاسەتی حکومەتی تاران ڕوودەدات لە هەمبەر هەندێك پرس و بابەتی دەرەکی، تەنها دەچێتە خانەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن نەك دەربڕینی ئاراستەی ڕاستەقینەی سیستمی سیاسی ئێران بێت.

## کەمینەکان و مافی بەشداری سیاسی

مـاددەی (19)ی دەستوری ئێران بەمشێوەیە باسی مافی گەل دەکات: «گەلی ئێران، لە هەر نەتەوە یان هۆزو تیرەیەك بن مافی یەکسانیان هەیە، ڕەنگ یان ڕەگەز یان زمان یان هەر شتێك لەو بابەتانە هیچ ئیمتیازێکی نییە». هەروەها لە مـاددەی (20)دا هاتووە: «یاسا پارێزگاری لە هەموو تاکەکانی گەلی ئێران دەکات، لە ژنان و پیاوان بە شێوەیەکی یەکسان و خاوەنی هەموو مافێکی مرۆیی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کلتورین لە چوارچێوەی پێوەرە ئیسلامییەکاندا».

گەلی ئێران لە چەندین نەتەوەی زیندوو لە مێژوودا پێکهاتووە، گرنگترینیان بریتین لە فارس، کورد، تورك، عەرەب، تورکمان، لوڕیی، جیلان، ئازەری و بلوچەکان. چالاکەوانانی ئەو نەتەوە و کەمینانە دەسەڵاتی ناوەندی ئێران تۆمەتبار دەکـەن بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی بەفارسی کردنی گەلانی ئێران بە ئامانجی تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەییان لەناو نەتەوەی فارسیدا. لەبەر ئەوە کەمینە نەتەوەییەکان بـەردەوام داوا لە دەسەڵاتدارانی تـاران دەکەن پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی و ئینتییان بکرێت لەگەڵ جێبەجێ

کردنی مادده پەکخراوەکانی دەستوری ئێستای ئێران، کە پێداگری دەکات لەسەر یەکسانی لە نێوان نەتەوەکان و رێگەپێدانیان بۆ خوێندن بە زمانی نەتەوەیی خۆیان وەك لە دەستوردا هاتووە، تا دەگاتە داواکردن بۆ جیابوونەوە. لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی ئێران رایگەیاندووە، کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی یان زمان و رەنگ و مەزهەب جیاوازی لە نێوان هاوڵاتیان ناکات، پاساویش بۆ راگرتنی هەندێك لە ماددەکانی دەستور سەبارەت بە ئازادی و مافی ئەو کەمینانە دەگەڕێنێتەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بارودۆخی ناسەقامگیری ناوخۆیی و هەرێمیی، کە لە ئێستادا رێگە بە جیابوونەوە و دابەشبوون نادات.

سەبارەت بە مافی هاوڵاتیبوون، سیستمی دەسەڵاتدار لە ئێران جیاکاری لە بەرامبەر هاوڵاتیانی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان پەیڕەو دەکات، وەك دوورخستنەوەو بێبەری کردنیان لە وەرگرتنی پۆستی باڵا لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، کە ئەمە جیاکارییەکە لەلایەن دەستوری ئێرانەوە پارێزراوە. مەرجی دەستوری ئێران بۆ ئەو کەسەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار کاندید دەکات، پێویستە بە رەچەڵەك ئێرانی بێت و هەڵگری رەگەزنامەی ئێرانی بێت و باوەڕی بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەزهەبی فەرمی وڵات هەبێت، ئەمەش سوننە موسوڵمانە عەرەب و کوردو تورکمانەکان لە مافی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بێبەری دەکات. رێکخراوی هیومان رایتس ووچ، کە سەرکۆنەی چەوساندنەوەی کەمینەکانی لە ئێران کردووە، لە راپۆرتێکدا دەڵێت: «کەمینە ئیتنی و دینییەکان لە ئێران رووبەڕوی جیاوازیکردن و چەوساندنەوە دەبنەوە». هەروەها ئاماژەشی کردووە بۆ مەینەتی بلوچەکان بەهۆی نوێنەرایەتی نەکردنیان لە حکومەتە خۆجێیەکاندا. بەمدواییانەش حکومەتی ئەمەریکا رەخنەی گرت لە کاری توندوتیژی تائیفی لە ئێران و پیادەکردنی جیاکاری دەسەڵاتدارانی تاران لە هەمبەر سوننەکان و تێکچوونی باری ئاسایش و ئارامی لە سیستان و بلوچستان.

لە پاڵ بونیادی سیاسی لە ئێران، دەبینین کە هەڵوەشانەوەی کەمە نەتەوەکان لەسەر بنەمای هەڵوەشانی ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان دەبێتە هۆی ئاسانکردنی پرۆسەی دیاریکردن و زانینی مەرام و خواستەکانیان. کەلێنێکی گەورە لە نێوان پارێزگاکانی سیستان و بلوچستان و کوردستانی و پارێزگاکانی تری ئێران دروستبووە، بەڵام بەهۆی پێکەوەگونجان و پێکەوەژیانی ئیتنی و مەزهەبی لەو دوو پارێزگایەدا سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوانیان، لە رووی خواست و داواکارییە سیاسییەکانیان یەکگرتوون، ئەم یەکهەڵوێستیەشیان سەبارەت بە داواکردنی مافەکانیان دەوڵەتی ئێرانی ناچار کردووە پەنا بۆ چەند پلانێکی سیاسی و ئەمنی جۆراوجۆر ببات، کە وریایی و هۆشداری پێوە دیارە.

### ئاماژەکانی جیاوازیکردن لە نێوان نەتەوەکانی ئێران بەپێی توێژینەوەی کۆمەڵناس (دکتۆر سەیف ئیلاهی)

1. کەمی خزمەتگوزارییەکان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر
2 . پیادەکردنی سەنتراڵیەتی توند لە رووی بەڕێوەبردنی سیاسیەوە
3. پشتگوێخستنی مافی بەشدار پێکردنی گروپ و پێکهاتە ئیتنییەکان
4. پشتگوێخستنی داواو پێویستییەکانی پێکهاتە ئیتنییەکان لە دوای بزاڤی نوێگەری
5. هەبوونی نایەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە هەمبەر پێکهاتە ئیتنییەکاندا
6. نایەکسانی لە رووی گەشەپێدانی مرۆیی لە هەمبەر پێکهاتە ئیتنییەکاندا
7. هەبوونی ریزبەندێکی نیشتمانی ناهاوسەنگ و نەگونجاو
8. ئاڵۆزبوونی تۆپۆگرافیای ئێران
9. تێکچوونی هاوسەنگی لە ئاستی بەشداریکردنی کەمینە نەتەوەییەکان
10. هەبوونی تۆڕێکی پەیوەندگیری لاواز
11. نابەرامبەری لەسەر بنەمای شوێن و پێگەی جوگرافیا

کورد یەکێکە لە گەورەترین نەتەوەکانی ئێران، لە کاتێکدا حکومەتی ناوەندی و هاوڵاتیان بە شێوەیەکی جەوهەری و زۆر جیاواز لەو دەوڵەتانەی تر، کە نەتەوەی کوردییان تیایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، چونکە لە ئێران نەتەوەی کورد لەگەڵ سەرتاسەری وڵاتەکە بەشداری دەکات لە بوارە کولتوری، مێژوویی، زمان، ئیتنی (نەتەوەیی) و هەروەها لە دامودەزگاکانیش، جگە لەمەش کوردەکان بەشداری لە بیرەوەرییەکانی داستانە مێژووییەکانیشدا

دەکەن، لەبەر ئەوە نە حکومەتی ئێران و نە خودی ئێرانییەکانیش وەکو کەمینەیەکی نەتەوەیی سەیری کورد ناکەن. لە سەردەمی نوێ و لە دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەناوچوونی پارێزگا نیمچە دەرەبەگییەکان، کوردەکان بە شێوازی جۆراوجۆر هەستان بە باشترکردنی ئاستی ئازادییە کولتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان، بە تایبەتی لەو کاتانەدا، کە حکومەتی ناوەندی لاوازی نیشانداوە.

هەندێك لە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکان ئاماژە دەکەن بۆ هەوڵدانی حکومەتی ئێران لە پێناو دابینکردنی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشتر بۆ بەشداریکردنی کوردەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی، بۆ ئەوەی پێکەوەگونجانی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ باقی نەتەوەکانی تری ئێران نیشان بدەن. ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ماوەی دەسەڵاتی سەرۆکی پێشوتری ئێران (محەمەد خاتەمی)، کە ماوەی (8) ساڵی خایاند. یەکێك لە دروشمەکانی خاتەمی پێداگری دەکرد لەسەر پەتەوکردنی گەشەپێدانی سیاسی، کە ئامرازێکی پراکتیکی بوو بۆ بەشداری پێکردنی گەورەترین پێکهاتەکانی گەلی ئێران بە نەتەوەی کوردیشەوە. بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە سەقامگیری و ئارامی لە ناوچە کوردنشینەکان و دەستەبەرکردنی هەندێك لە داخوازییەکانی کورد، حکومەتی ئێران هەستا بە دانانی ژمارەیەك لە کوردەکان لە دامودەزگاو پۆستە حکومییەکانی دەوڵەت. لە ڕاستیدا نیشاندانی ئەم جۆرە نەرمی نواندنە لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوەی کورد لە ئێران، ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە بەهێزکردنی هەستکردن بە نیشتمانیبوون لەلای کوردەکان بەهۆی زیادبوونی ئاستی بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتیان و بەهێزبوونی پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، لە بەرامبەریشدا تا ئەندازەیەك بووەتە هۆی کاڵبوونەوەی داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی ئێران.

کەمینە نەتەوەییەکانی تری ئێران وەك عەرەبە ئەحوازییەکان، ئازەربایجانییەکان، بلوچ، و تورکمانەکان بە دەست جیاکاری یاسایی و جیاوازی لە مامەڵەکردنەوە دەناڵێنن. بەکارهێنانی زمانی دایك لەلایەن کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران لە سێکتەری خوێندن لە قوتابخانەکاندا قەدەغەیە. ئەو چالاکوانانەی کە لە پێناو بەدەستهێنانی مافی کەمینەکان تێدەکۆشن ڕوبەڕوی هەڕەشەو دەستگیرکردن و زیندانیکردن دەبنەوە. ئەو کەمینانەی، کە ناتوانن بە باشی بە زمانی فارسی (زمانی فەرمی وڵات) بدوێن لەبەردەم سیستمی دادوەری جینائیدا بێبەرین، هەروەها ژنانی کەمینە نەتەوەییەکان، بە تایبەتی لە ناوچە دێهاتی و گوندنشینەکان دوو ئەوەندە بێبەرین لە ڕووی مافی فێربوون بە بەراورد لەگەڵ ژنانی ناوچە شارنیشنەکان، چونکە ڕیتمێکی دەسەڵاتی باوکسالاری بەسەریاندا زاڵبووە. لە ڕاستیدا ڕێگەچارەی بنەڕەتی و سەرتاسەری بۆ پرسی نەتەوەیی لە ئێران پێویستی بە سەقامگیری دیموکراتی و پەرەپێدانی هەیە، بۆ ئەوەی دۆخەکە بگۆڕێت بۆ کارکردن بە بنەمای یەکسانی و دادپەروەری و پەیڕەوکردنی ڕەفتارو بیرکردنەوەدا، واتە گۆڕانی کولتوریی. لەسەر ئەم بنەمایە، زۆرترین جۆری دیموکراتی بابەتییانە لەناو کۆمەڵگەی فرە نەتەوەی ئێران لە ڕێگەی بەشداریکردنی بژاردەی نەتەوەیی نافارسی لە دەسەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەت ببێتە ڕوانگەیەکی گشتگیر بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران و بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەژمونداروهەنگاو بنێت بەرەو دەوڵەتێك بۆ هەموو نەتەوەکان. لە ڕووی پراکتیکەوە، لە مەودای نزیك یان ماماوەنددا ئەم چارەسەرە واتا گەیشتن بە جێبەجێ کردنی ڕاست و دروست و پراکتیکییانەی ئەو مادادنەی دەستور، کە هێشتا جێبەجێ نەکراون، لە مەودای دووریشدا بریتییە لە بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بناغەی جۆرێك لە فیدرالیەتی خۆجێیی، کە دادپەروەری و یەکسانی و گەشەسەندنی هاوسەنگ و یەکێتی خاکی وڵات و سەروەری نیشتمانی تیادا بەرجەستە دەبێت و مافی هەموو پێکهاتەکانیش پارێزراو دەبێت.

**ڕێژەی سەدی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە کۆی دانیشتوان**

| نەتەوە | ڕێژەی سەدی لە کۆی دانیشتوان |
|---|---|
| فارس | 51% |
| ئازەری | 24% |
| جیلاك و مازەندەرانی | 8% |
| کورد | 7% |
| عەرەب | 3% |
| لوڕو بلوچ و تورکمان | 2% |
| نەتەوەکانی تر | 5% |
| کۆی گشتی | 100% |

هەردوو باڵی موحافیزكارو ڕیفۆرمخواز لەناو سیستمی كۆماری ئیسلامی ئێران دیدو بۆچوونی جیاوازییان هەیە لە بەرامبەر مافی كەمینە نەتەوەییەكان. موحافیزكاران، كە لە بنەڕەتدا لە زانایانی ئایینی و سوپای پاسداران و هاوپەیمانەكانیان لە پیاوانی خاوەنكارو دەسترۆیشتوو پێكهاتوون مانەوەی دۆخی ئێستایان بەلاوە باشترە، واتە: دەوڵەتێكی تیۆكراتی شیعە مەزهەب، كە نەتەوەی فارس چەقەكەیەتی، كە تیایدا مافی كەمایەتیە دینییە غەیرە شیعییەكان و نەتەوە غەیرە فارسییەكان پراوێزخراون. لە لایەكەی ترەوە باڵی ڕیفۆرمخوازەكان پێشنیازی ئەوە دەكە، كە كەمینە نەتەوەییەكانی ئێران تێكرا پێكەوە ببەسترێنەوە، ئەوەش لە ڕێگەی فراوانكردنی دەسەڵاتی سیاسی دوور لە بژاردە كلاسیكییەكان. بۆ نموونە ئەو هێزەی وایكرد محەمەد خاتەمی لە ساڵی 1997 بە سەرۆكی ئێران هەڵبژێردرێت بەهۆی زۆری ئەو دەنگانەوە بوو، كە لە ڕێگەی بانگەشەكردنی بوو بۆ بەدەستهێنانی دەنگی كەمایەتیە نەتەوەییەكان، بە تایبەتی دەنگی ژنان و كەمینە ئێتنییەكان لەسەر ئاستی شارۆچكەوە گوندەكان و ئەنجومەنی شارەوانییەكان. كاتێك خاتەمی لە كۆتایی خولی دەسەڵاتی نزیكبۆوە، ئیدارەكەی و دەستەی پلاندانان پێشنیارییان كرد پلەو پۆستی زیاتر دابین بكرێت لەسەر ئاستی ناوچەكان و پارێزگاكانی ئێران بۆ ئەوەی بواری چاكتر بڕەخسێنرێت بۆ بەشداریكردنی كەمینە نەتەوەییەكان لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا. سەرەڕای ئەو بۆچوونەی لە خۆرئاوا باوە، كە پێگەی هەڵبژاردنی باڵی موحافیزكارەكان بە كۆی گشتی لە كۆمەڵگەی دواكەوتووی گوندنشین كۆبۆتەوە، بەڵام فۆڕمی دەنگادانی نەتەوە غەیرە فارسەكان (كە بە زۆری لە ناوچە گوندنشینە زۆر دواكەوتووەكان نیشتەجێبوون)، نیشانی دەدات كە كاتێك یەكێك لە پاڵێوراوانی سەرۆك كۆمار داكۆكی لە مافەكانیان دەكات بە كۆمەڵ دەنگی پێدەدەن.

ماوەی سەرۆكایەتی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بۆ ماوەی دوو خول لە نێوان ساڵانی (2005-2013)، كە سەرۆكێكی توندو موحافیزكار بوو، هەڵمەتێكی بەربڵاوی ترساندنی لە دژی كوردو عەرەب و بلوچەكان بەخۆوە بینی، كە دەستگیركردنی بەكۆمەڵ و لەسێدارەدانی چالاكانی ئەو كەمینە نەتەوانەی گرتەوە، بەڵام ئەحمەدی نەژاد كە هەندێكجار پێداگری لەسەر مافی ئەو نەتەوە غەیرە فارسیانە كردووە، بەڵام ئەو مافانەی نەكردە خاڵێكی سەرەكی لە سیستمی سیاسی، یان نەبووە ئامرازێك بۆ پتەوكردنی هەنگاوانانی بەرەو دروستكردنی هێزێكی سیاسی گەورەتر، بەڵكو لەجیاتی ئەمە هەوڵیدا بۆ بێدەنگكردنی دەنگ و بیروڕای سیاسی نەیارەكان، بە تایبەتی لێدانی باڵی ڕیفۆرمخوازەكان.

## ڕەهەندی ئاسایشیی نەتەوەكانی ئێران

نەتەوەو ئیتنە جیاوازەكانی ئێران، كە ڕێژەی 45%ی گەلی ئێران پێكدەهێنن، لە ڕووی ڕەهەندی ئاسایشیەوە كاریگەری و مەترسی خۆیان هەیە لەسەر سیستمی سیاسی ئێران، كە دەكرێت لەم خاڵانەدا ئاماژەیان پێبكەین:

1. لە دوای لەدایكبوونی دەوڵەتی نوێی ئێران لە ساڵی 1921 و لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم و لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979دا، بە تایبەتی بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیە گەورەكان لە ئێران، بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەو جموجووڵی نەتەوەكانی ئێران بە ئاراستەی دووركەوتنەوە لە ناوەند بەرەو دەوڵەتانی دراوسێی ئێران بە ئومێدی دروستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوەش بەهۆی ئەو كەش و بارودۆخەی لەبار بوو بۆ دەساوەردان لە كاروباری ناوخۆی ئێران و هاندانی كەمینە نەتەوەییەكان بەو ئاراستەیە.

2. هەڵكەوتنی ئێران لە نێوان (10) وڵاتی خاوەن نەتەوەو پێكهاتەی جیاوازو بوونی (50) زمان و شێوەزاری جیاوازو (5) نەتەوە لە ناوخۆدا كە بریتین لە (كورد، تورك، عەرەب، بلوچ، توركمان).

3. چەند نەتەوەیەكی غەیرە فارسی لە 0!0) پارێزگای سنوریی ئێران بوونیان هەیە، لە پارێزگاكانی (ئازەربایجانی خۆرئاوا، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، ئەردەبیا، زنجان، فارس، پارێزگای كوردستان، كرماشان، ئیلام، خۆزستان، دورگەكانی باشور، سیستان، بلوچستان، كلستان).

4. فرەیی كولتورە جیاوازەكان لەناو كۆمەڵگەی ئێران بە ڕێژەی 25%، كە سەرجەمیان لە پێكهاتەو گروپی غەیرە فارسین.

5. زیادبوونی كاریگەری ورۆڵی نەتەوە دراوسێكان لەسەر نەتەوە جۆراوجۆرەكانی ئێران، بە تایبەتی لە دوای ڕوخانی دەسەڵاتی بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕژێمی سەدام حسێن لە عێراق.

6. بوونی سنورێكی هاوبەش بە درێژایی 8000 كیلۆمەتر لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا، كە هاوكاتە لەگەڵ بوونی لاوازترین و هەژارترین چین و توێژەكانی كۆمەڵگەی ئێران لە پارێزگاكانی سەرسنور.

## وێستگە مێژووییە گرنگەکانی ئێران

| ساڵ | ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان |
|---|---|
| 636 | فەتحی عەرەبی و ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی |
| 1220 | مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی جەنگیز خان وڵاتی فارسییان داگیر کرد |
| 1501 | شا ئیسماعیل دەوڵەتی سەفەوی دامەزراندو مەزهەبی شیعەی کردە بنەمای دەوڵەت |
| 1794 | محەمەد خانی قاجاری دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و دەوڵەتی قاجاری لە ئێران دامەزراند |
| 1921 | فەرماندەی سەربازی ڕەزا خان دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و بە ناوی (ڕەزا شا پەهلەوی) خۆی کردە شای ئێران |
| 1935 | بە فەرمی ناوی (ئێران) بەسەر وڵاتی فارسدا برا |
| 1941 | بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە بەریتانیاو ڕوسیا ئێرانیان داگیر کرد |
| 1953 | پەرلەمانی ئێران بڕیاری خۆماڵی کردنی پیشەسازی نەوتی ئێرانی پەسەند کرد، کە موڵکی کۆمپانیا بەریتانییەکان بوو |
| 1953 | دەزگاکانی هەواڵگری بەریتانیاو ئەمەریکا کودەتایان بەسەر حکومەتی دکتۆر (محەمەد موسەدیق) دا کرد |
| 1979 | بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕوخانی ڕژێمی شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی و گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە فەڕەنساوە بۆ ئێران |
| 1988-1980 | شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق - ئێران |
| 1981 | ئازادکردنی بامتە ئەمەریکییەکان لە تاران |
| 1989 | مردنی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی و شوێنگرتنەوەی لەلایەن ئایەتوڵڵا عەلی خامنەئی |
| 2002 | جۆرج دەبلیو بوش، ئێران و عێراق و کۆریای باکوری خستە دەوڵەتانی "تەوەری شەڕەنگێزی"وە |
| 2004 | ئەمەریکا بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی وەك هەڕەشەیەکی گەشەکردوو دایە قەڵەم و داوایکرد سزای نێودەوڵەتی بەسەر ئێراندا بسەپێنرێت |
| 2016 | کەمکردنەوەی سزای نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران، دوایەوەی تاران بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ گروپی (5+1) مەرجەکانی جێبەجێ کرد |

### سەرچاوەکان:

http://studies.aljazeera.net/ar/repor
html.201369162845674533/06/ts/2013
article55258363/04/http://arb.majalla.com/2017
/0/http://orient-news.net/ar/news_show/87577
http://www.bbc.com/arabic/middleeast-39066271
http://www.ahwazstudies.org/Article.aspx?aid=550
http://www.amnestymena.org/ar/Magazine/Issue19/Discr
iminationAgainstMinoritiesIran.aspx?articleID=1087